# ماڵی دڵەکانی ئاسمان

ئومێدمحەمەد
بۆرۆس   سووید

بەدەستەنەرمەکانی
کەسپین وەک بەفر
گوڵی ماڵ ئاوایی دا
لەبەرۆکی چاکەتە شەرابێکەم
سپاردمی بەشەقامەکانی بێ زاری
ئەو شەقامانەی بۆنی بێ کەسیان لێ دێ
پڕن لەکوڕان و کچانی تاقانە
تاقانە لەخەمی غوربەت
تاقانە لە خەونی کاڵی عەشق
سپاردی بەو شەقامانەی
ئەڤین تیای دا هەڵ دەلەرزێ
ئیتر ئەم مەملەکەتە بچوکە
دەبێتە گەورەترین نەهێنی
ئەسپی سپی مەولانە
بەزەحمەت تیای دا غاردەدا
دڵەکانی بەرباران
بێ خواستی خۆیان کۆچ دەکەن
لە کوژانەوەی ئەو ڕوناکیە بەدواوە
نەمن دەگەڕێمەوە
سەر مەزاری
پاکیزەترین خەون و
نەئاو دەگەڕێتەوە ئامێزی سەرچاوە
سەرەتاترین گوناهـ بەعەشق
خەسترین ڕێژەی ئەفیوونە
بۆسڕکردنی جەستە
شەقامەکانی بێزاری
پڕن لە فرمێسکی کوڕان و کچانی تاقانە
تەژین لە هەڵوەرینی ئاخ
تەزیووترن لە ڕوومەتی مناڵێکی بەر باران
منێک لە تەریقەتی خۆشەویستیوە
ناتوانم بادەمەوە سەر تەریقەتی سفر
لە سوتانێکەوە کە قەدەر پێ ی داوم
ناکرێ بڕوانمەوە جەدەلی سەرەتا
شەقامەکانی بێ زاری
تەژین بە و خۆزگانەی
بەرشەوارەی شەو دەکەون

ئیتر تەماسی فڕینیان تێک دەچێ
زەمەن نایان دادەوە دەم فڕین
دەبنە پۆلە هەوری یەقین
نە دەبارێن نەبەری ئاسمان
بەردەدەن